# له پەراوێزی ڕاستیە شێوێنراوەکاندا

## نەخۆپیشاندەرانی کەلار هەمەجین و نەتەقەکردنەکەی حکومەتیش بەرپرسیارانە بوو

محمد حسین
Mihamad_79@yahoo.com



بۆئەو کەسانەی کەلەدەروەی کەلار ئەژین و لەڕێگای هەواڵ و ڕاپۆرتی میدیا حیزبیەکانەوە هەواڵی خۆپیشاندانەجەماوەریەکەی خەڵکی کەلاریان بیست وێنەی کۆمەڵێك هەمەجی و ئاژاوە گێڕی سەرلێشێواویان نیشان درا کە نەخۆیشی ئەزانێت داوای چی ئەکات و نەئەیشزانێت دژی چی خۆپیشاندانی ساز کردووە .بەلاّم ئەمە وێنە یەکی زۆر ناڕاست و ناوا قعی و ویژدان نەخۆشانەیە , کەبەداخەوە ئێستایش ئەبینین میدیای حیزبی تائەو ڕادەیە بێشەرمانە یاری بەڕاستیەکان ئەکات . من نامەوێت لێرەدا باسی ئەوە بکەم کەچۆن کەلار لەهەمو ڕوە کانی ژیانەوە فەرامۆشکراوەو چۆن بەدیکۆری سەدە ناوەندیەکانەوەو , بە خزمەتگوزاریەکی خراپتر لە سالآنی حەفتاکانەوە , ڕۆژانە بەدەم پرتەو بۆڵەی کەس گوێ لێنەگرتویەوە گرەو تەپو تۆزی ئەو دەشتە کاکی بەکاکیە هەڵئەمژێت , چونکە کێشەو بێبەشیەکانی ئەو خەڵکە کات و مەودایەکی زۆر فراوانتری ئەوێت ,مەبەستی ئەم نوسینە نیشاندانی ئەو ڕاستیەیە کە ئەو خۆنیشاندانە هەرگیز ئامانجی ئەوەنەبوو کە بەو ئاراستەیەدا برا و , ئەوەیش کەوای کرد خۆپیشاندانەکە بەو جۆرە بڕوات تەقەکردنی هێزەکانی ئاسایش بوو نەك تابوری گێرەشێوێنان . ئەگەر بڕوایش بکەین بەو تیۆری مئامەرەی کەئاژاوەکەی گەڕاندەوە بۆ دەستی فلأن لایەن و خەڵکانێکی گێرە شێوێن و...هتد , ئەوەی کەدوای ڕوداوەکان بیستمان , بەلاّم هەر دیسانەوە دەست پێکردنی تەقەکان بو بەهۆی تێك دانی کەشی خۆپیشاندانەکەوە دۆخێکی وای دروست کرد تەواو کۆنترۆڵی وەزعەکە لەدەست حکومەت و سەرپەرشتیارانی خۆپیشاندانەکەیش دەرچێت .

سەرەتا بەدروشمی " مافی چارەی خۆنوسین - ئاو و کارەبا و بەنزین " کۆمەڵە گە نجێك خۆپیشاندانەکەی دەست پێکرد کەژمارەیان نەئەگەیشتە 70 کەس , وردە وردە خۆپیشاندەران خەڵکی تریشیان تێکەڵبوو , ئەوەبوو هەتا گەیشتنە بەردەم بارەگای قایمقام گەیشتنە نزیکەی 2000کەس , هەتا ئێرەیش هەر دۆخی خۆپیشاندانە کە ئاسایی بوو , زیاد لەکاتژمێرو نیوێك خەڵك لەبەر ئەو خۆرە گەرمەدا چاوەڕێیون قایم قام بێت و لەمەڕ کێشەکانیانەوە گفتوگۆی لەگەڵ بکەن , کەچی ئەو نەهات , وەختێك ئامادەبوو قسەلەگەڵ خەڵکە کە بکات خۆپیشاندەران بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی سەرپەرشتیارانی خۆیان دەرچووبون و سەرەتای ئالۆزی لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەراندا خەریك بو دەستی پێئەکرد , لێرەوە هێزەکانی ئاسایش کەوتنە تەقەکردن بەناو خەڵکە خۆپیشاندەرەکاندا و ئەوانیش بەبەرد وەلأمیان دانەوە و ئە نجام بوبە شەڕی گولە بەرامبەر بە بەرد , ڕێك لەم چرکەساتەوە ئاژاوە دەستی پێکرد .نەك ئەوەی تابورێکی ئاژاوەگێڕ پێشتر خۆی بۆحەشاردابێت دیمەنی بەرگری کردنی ئەو گە نجانە بەبەرد و تەقەکردنی پۆلیسە کان ڕێك وەك شۆڕشی فەلەستینیەکانی دەیەی هەشتاکان ئەهاتە پێش چاو . لەدوای دروست بونی ئەم ئاژاوەوە پەلاماری دەزگاخزمەتگوزاریەکانی حکومەت دراو بوار بۆخەڵکی شڕە خۆرو نیازخراپ ڕەخسا ,

بەلاّم ئەم دەزگا خزمەتگوزاریانەیش هەر وەها بەبەلاش نەبونە ئامانجی پەلاماردەران , لەبان بینای پەروەردەوە تەقەئەکرا لەخۆپیشاندەران بۆیە هێرش کرایە سەر پەر وەردە , لەناو ڕێکخراوی ئازادی لاوانەوە یەکێك لەکادیرەکانی ئەو ڕێکخراوە کەوتە شەڕە قسەوە لەگەڵ خۆپیشان دەران بۆیە پەلامار درا , من پێم وایە هیچ کام لەم بیانوانەیش نابێتە پاساو بۆئەوەی هێرش بکرێتە سەر دەزگا خزمەتگوزاریەکان , ئەوەی خەڵکانێك دور لەمەبەستی خۆپیشاندانەکە کردیان ئەچێتە چوارچێوەی ئاژاوەو شڕەخۆریەوە و بەر لەهەر شتێك ئەو هێرشانە خۆپیشاندانەکەی ناشیرن کرد , هەموو ئەوانەیش لەنزیکەوە ئاگاداری خۆپیشاندانەکە بوون ئەزانن کە ئەو پەلامارو هێرشانە 100٪ ناکۆك بوو لەگەڵ ئامانجی خۆپیشاندەراندا , بەلاّم ئەو هۆکارەی کە ئاراستەی خۆپیشاندانەکەی بەو جۆرە برد دەست پێکردنی تەقە بوو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە , نەك ئەوەی خەڵکی کەلار هۆشیاری ئەوەی نەبێت خۆپیشاندانێکی هێمنانە ڕێك بخات ( وەك ئەوەی هەندێك وتار نوسی ویژدان بیمار ئەیڵێن ) . باوەڕم وایە بەو جۆرەی دەست ڕێژ لەگە نجەکانی کەلار کرا لەخەڵکی هەر کوێیەکی ئەم دنیایە بکرێت توشی ئەو شڵەژانە ئەبێت کە ئەو ڕۆژە دروست بوو .لەهەر کوێیەکی دنیادا لە فەرمانگەی پەروەردەوە تەقە بکرێت لەهاولاّتیان ئەوا ئەو پەروەردەیە ئەبێتە ئامانجی هێرشی تەقە لێکراوەکان ,نەك ئەوەی خۆپیشاندەرانی کەلار " کۆمەڵێك خوێندکاری تەمبەڵ بن و ڕقیان لە پەروەردە بێت " ( وەك چۆن ئەمەیش کرا یە یەکێك لەو قسەلۆکانەی کە وەك قاڵی دوای گورگ تەفسیری پەلامارداانی پەروەردەی پێ ئەکرا ) . حکومەتێك دوای یەك کاتژمێرو نیو نەتوانێت گفتوگۆیەکی هێمنانە لەگەڵ کۆمەڵێك هاوولاّتی خۆپیشاندەردا بگەیەنێتە ئە نجام , حکومەتێك لەولاّتێکی نەوتی وەك عیراقدا نەتوانێت خۆپیشاندەرانێك هێورکاتەوە کەیەکێك لەو سێ داواکاریانەی بەرزیان کردبووەوە بەنزین بو , حکومەتێك نەتوانێت ئاوی خواردن دابین بکات لەکاتێکدا سیروانێکی گەورەمان بە پاڵدا تێئە پەڕێت کە سالآنە چەندین کەسی تیا ئەخنکێت , حکومەتێك نەتوانێت و نەزانێت پردی گفتوگۆلەگەڵ پۆلێك گە نجی توڕەیی خۆیدا

**بینا بکات , ئەوا ئەبێت سەرەتا بەخۆیدا بچێتەوەو پرسیار لەو کەم و کوڕیانە بکات کە وا لەگە نجێك ئەکات بەبەرد ڕوبەڕوی گولـەی پۆلیسـەکانی ببێتەوە , نەك هانی مەلاکان بدات خۆپیشاندەران بەکافرو بیٚ ئەخلاق نـاوزەد بکـات** , گرفتەکـە لای خۆیـەتی پـێش ئـەوەی یەخـەی تـابوری ئاژاوەگێڕەکان بگرێت ,ئەوە فەسادی دەزگاکانی بەڕێوە بردنی ئەوە خەڵکی توڕە کردووە نەك ئەوەی دەستێك هەیەو هاوڵاتیانی لیٚ هـان ئـەدات , یان هەندێك برادەر ئەڵێن خۆپیشاندانێکی هەمەجیانەبوو ! . داواکاریەکانی خۆپیشاندەران ئەوەندە ساکارە مرۆڤ شـەرمەزار ئـەکات , تەماشـاکەن لەسەدەی 21 دا هێشتا تۆ کێشەی کەمی ئاو و کاربات هەبێت لەگەورەترین قەزای کوردستاندا و لە پاڵ یەکێك لەڕوبارە گەورەکانی ئەم وڵاتەدا کـە سیروانە .**

..........................................................................................

****لەخوتبەی‌نوێژی ئەم هەینیەدا خۆپیشاندانەکە بو بەبابەتی خوتبەی هەموو ئیمام و خەتیبەکانی کەلارو هەندێکیان زۆر بەخرا پی و بە لٚکو بـە کافرو بێئخلاق و ناشیرینی وەسفی خۆپیشاندەرە توڕەکانیان کردبوو , هەر لەکاتی خوتبەکانیشدا لەیەکێك لەمزگەوتەکاندا ( بەناوی ئیمام عەباس ) خەریك بوو ئاژاوە لەنێوان مەلاکەو نوێژکەراندا دروست ببێت .**